# ئايا ڕاستە ژن هێنان نیوەی دین و ئیمانە ؟

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه :

شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم کە ئەمە لە ناو خەڵک باوە کەسێ ژن بێنێ ئەڵێن نیوەی ئیمانی مسۆگەر کرد ئەبێ ئەمە وا بێ ؟

بەڵێ ئەوە ڕاستە بۆ کەسێک بڕوادار بێ و ئافرەتێکی موسڵمانی لە خواترس بێنێ نەک بۆ هەموو کەسێ چونکە هەندێک کەس ژن دێنێ دوور نیە ئەو ئیمانەی هەشی بووە لە دەستی بدا لە لایەک لە بەر ژنی ئاگای لە دایک و باوکی نامێنێ جاری واش هەیە لەبەر خاتری خانمەکەی تەرکی دایک و باکی ئەکا یا دەریان ئەکا و خزمەتیان ناکا کە ئەمە دیارە چ تاوانێکە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمووێ : ( **الكبائر الإشراك بالله وعقوق الوالدين وقتل النفس واليمين الغموس**) رواه البخاري واتە : ( تاوانە گەورەکان هاوبەش دانان بۆ خوا و خراپە کردن لە گەڵ دایک و باوک و کوشتنی نەفسێک و سوێند خواردنی بە درۆ ) .

وە هەندێ کەس توشی لاوازی ئەبێ لە خوا پەرستی و چاو تەنگ ئەبێ لە ماڵ بەخشین و زۆر تاوانی تر هەر لەبەر خاتری خانمی لەبەر ئەوەش خوای گەورە ئەفەرمووێ : {**إنما أموالكم وأولادكم فتنة**}التغابن ١٥ واتە : ( ماڵ و مناڵتان فیتنەن _پێی تاقی ئەکرێنەوە_ ) وە ئەفەرمووێ : {**إن من أزواجكم وأولادكم عدوا لكم**} التغابن ١٤ واتە : ( هەندێک لە مناڵ و خێزانەکانتان دوژمنن بۆ ئێوە _ لەبەر ئەوەی ئەبن بە ڕێگر لە دینتان_).

با بێینە سەر بەڵگەی ئەوەی کە هێنانی ژنی لە خوا ترس نیوەی دینە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمووێ : (**إذا تزوج العبد فقد استكمل نصف الدين فليتق الله فيما بقي** ) السلسلة الصحيحة: (رقم: ٦٢٥ ) واتە : ( ئەگەر بەندەیەک ژن بێنێ ئەوە نیوەی دینی تەواوکردووە با تەقوای خوا بکا لەو بەشەی ماوە ) وە ئەفەرمووێ : (**من رزقه الله امرأة صالحة فقد أعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي** ) صحيح الترغيب: (رقم: ١٩١٦ ) واتە : ( کەسێک خوا ئافرەتێکی چاکی *_لە خوا ترس_پێ بەخشی ئەوە یارمەتی داوە لە نیوەی دینەکەی با تەقوای خوا بکا لەو نیوەی کە ماوە*).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرنجی فەرموودەی دووەم بدەن کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الـــه وســـلم ئەفەرموێ ئافرەتی چاک یانی ئەگەر چاک نەبێ ئەوە نیوەی دین نیە والله اعلم ئومێد دەکەم لەخوا و داوای لێ ئەکەم ئێمەش و منالٚ و خـێزانمان بخاتـە سـەر ڕێگای ڕاست وصلی الله علی محمد وعلی اله وصحبه وسلم

**باوکی حارث**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com